# ڕەحمێک بە ڕووت و ڕەجاڵی دونیا ..




**ڕێباز مەحمود**
rebazmahmud@hotmail.com


لە پاڵ دیواری یەقیندا ،
به حورمەتەوە پێشوازی بکە لە زەردەخەنەیەک
دێت و دەیەوێت لەسەر بانیژەی لێوتەوە
بڕوانێتە شان و شەوکەتی مێروولەیەک ،
لە ژێر قورسایی دەنکێک گەنمدا ..!
هەر کات ڕۆشناییت ،
ڕێی کەوتە ناو تونێلی تاریکی ،
بەر لەوەی خۆف داتبگرێ ..
وێستگەیەک لە کەئابەی شەو ڕاچڵەکێنە ،
کە قەدەرێکی ڕاگوزەر ،
لە ئەزەلەوە لەوێدا جێی هێشتووە ..
لە خەرەندێکی دوورە دەستا ،
هەناسەیەکت ؛
خەریکی لەمسی دڵی هەورازێکە
لۆفێکی تێدا نەبوو بۆ ئاوڕ دانەوە ..
لە ناو عەرشی ئەم گەمارۆیەدا ،
بێهودەیت لە ڕەنگی بزێوی فڕین هەڵکێشە ..
تا شەلاڵ دەبیت لە کڕوزانەوە
ئەبەدیەکەی باران ،
بە شوێن تەجروبەی تەڕ بوونا ..
لە ژوورە تەنگەبەرەکەی فەرامۆشیدا ،

گاگۆڵکێیەک بە لە لاساری
بۆ شکاندنی پیاڵە نەشۆراوەکانی سەقاڵی و
بۆ بەردەم تووڕەییە جوانەکەی ئولفەت .
کە لە قوژبنێکدا و بێئاگا لە تۆ
خەریکە کراسی دڕاوی ،
خەونێک ئەدورێتەوە ..!
تا شێتیت بڕ دەکات
لەگەڵ بێ درێغی و سەخاوەتی باخێکدا ،
بە هەنگەشەلێ بڕۆ ...
جارێکی تریش ،
خەیاڵت لە دەزووی ،
مزراحێکەوە بئاڵێنە ..
با ڕوونتر گوێت لە تریقانەوەی مناڵی بێت ،
لەسەربانی بەرزی یادەوەریدا ...!
بۆ جاویدانیت ، بەدار گێلاسی داڵغەیەکدا هەڵزنێ و
لێو بنێ بە ڕوومەتی ئاسمانەوە ..
دەستی عەجولیت
بکە بە باخەڵی هەورێکدا و
کتێبێ حەرفی تەڕی ،
بۆ خۆت لێ بڕفێنە ..!
چارەیەکی تر نیە
ئەی خۆم ،
ئەوە نەبێ
لە گڵ و خۆڵی مەخلوقاتی ناو ئەنفالت
لە خوێنی ڕژاوی دەستی شمشێری زەمانت ،
ببیتە گۆزەکەرێکی نوورانی و
ئینجانە ،
بخەیتە بازاڕی دڵەوە ..!!
چارەیەکی تر نیە
ئەوە نەبێ ،
ڕۆحت بەر پەنجەرەکەی خۆی

به فەزای باڵندەو گەڵاوە ،
ببەستێتەوە .!
کە لەگەڵ فڕینی یەکەم تەیر ،
باڵ .. خۆی لە ئاشووبی مرۆڤ تەکان.
لەگەڵ فام کردنەوەی یەکەم نەمام ،
سەوزیی .. لە کەرنەڤاڵی گەڵاکاندا ،
لە داخی تەپ و تۆزی حیقدی ئێمە ؛
خۆی خستۆتە بەر ڕەحمەتی باو باران ..!
چارەیەکی تر نیە
ئەی خۆم ،
ئەوە نەبێ :
شیعرت ڕەحم
بە ڕووت و ڕەجاڵی دونیا بکا و
بە جوانیەکی خاڵس ،
پۆشتەی بکاتەوە ..!!
چارەیەکی تر نیە
جگە لەوەی ،
گیرخواردنت لە قەڵەمڕەوی ئەم سەرمایەدا
بە خۆشەویستیەوە دەست بهێنێ بەسەر
نازی سیحراوی ،
پشکۆکانی ناو ئاگردانەکەت ..
کە لە ژێر لێوی هەر جوڵەیەکەوە ،
ڕوخساریان سوور هەڵدەگەڕێ و
دەڵێن : ئیتر ژیان ئەمەیە ...
چارەیەکی تر نیە
جگە لەوەی ،
دەستنوێژ لە بەرائەت بگری و
کڕنۆش بۆ مناڵی ببەی ..
هاوار بکەی :
نەختێکم لە تۆ پێیە ،
هێشتا نەمهێڵاوە و ناشهێڵم گەورەبوونم پێ بزانێ .

هەمیشەش ئەو نەختە موئامەرە ڕەزیلانەکانی گەورەبوون ،
بەسەر ئیمارەتە مۆسیقیەکەی تۆدا
کەشف دەکات !
لە نوێژەکانتا ،
لە دڵی عەشقی خۆتا بڵێ :
ئەوە هەر سەر حەسارە فێنکەکەی ئێوارانی تۆیە
لەگەڵ هوروژمی هەزاران چۆلەکەدا ،
لێیەوە باز ئەدەمەوە ناو
سنگ فراوانی ،
شۆڕەبیەکانی ئاوایی ..
ئەوە ناو
سەوزەگیاکەی تۆیە ،
لێیەوە لەگەڵ نەشئەم
دەچمەوە ناو جۆلانەکانی جارانی ( قەڵازگە ) * و
لەگەڵ هەر گوژمێکیشدا ،
بە قووڵایە هەرە فێنکەکانی شیعر دەگەم ..
ئەوە هەر قاچە چکۆلەو
ڕاوەستاوەکانی ئەوسای تۆ بوون ،
لەسەر نەرمایی عاتیفەی ژیانێکی ژیکەڵە
بە ناوی پیاسەوە لێم وەر دەگرتی و
جادە دوورو درێژەکانی ،
قەهری سلێمانیم بە ناو ناچاریدا پێ تەی دەکرد .
بێ نازی باخی گشتیم پێ دەشێلا و
بێتاقەتی بەردەم بێ کارەبایی
(هەواری تازە ) م پێ دەپێوا و
کەمێک لەملا کولانە سەگەکەی ( بەکر)*یشەوە
لە بەردەم ویژدانی تۆپیوو
تەریق بوونەوەی ئاوارەیدا ،
کۆڵانی عەشقێکم پێ خوێندەوە
کە سەرڕاوەی بن بەستی غەدر و
فیرعەونەکانی خەبات دەرچوو ....

ئەی خۆم ،
کە ئێستاش نەختێک لەو منالیەت پێیە و
بەردەوام بە دزیەوە لە فڕیوەی زوڵمەتا
لە بن خۆیداو بە لێواری زەمەنێکی دڵسافەوە
دەتشارێتەوە و
هەموو جارێکیش حوزن یەکسەر دەگاتە سەر دڵی تۆ !
هیچ چارەیەکی تر نیە
جگە لەوەی ،
لەبەردەم قاپی جوانیدا بپارێیتەوە و
شوکرانە بژێری بکەیت ..
بڵێ ی ئەی منالی
ئەوە تۆ بووی هێزت پێ دەبەخشیم
کاتێک وادار کرا بووم ،
بە ناو خێسەو بوغزەکانی ئەوێدا
هەموو ڕۆژێک بەردەکەی سیزیف بەکۆڵمدا بدەم و
ئەو هەموو بێ گاریە بۆ ژیان بکەم ..
نووری تۆ بوو ،
کۆڵانە و کۆڵان بەناو شەوەزەنگی مەینەتباریدا
دەستەو یەخەی وەحشەتی دەکردم .
ئەی خۆم ،
دەستی نەوازش بەرز ڕابگرە و بڵێ :
منالی گەر ئەو هەمووەم لە تۆ تیا نەبوایە ،
کێ ووردو خاش بوونمی لە ژێر پێلەقەی زوڵم و عەزێت ،
کۆ دەکردەوە ؟!
کێ بلیتی سەفەری لە ژێر دەستی
(تاران) ی چوار ساڵ عینادیدا ،
بۆ دەر دەهێنام ؟!
سەفەرێک کە ئیتر دابەزین لێی مەحاڵە ،
هێند غوربەتم بەتیژی کەوتۆتە ڕێ بەرەو مەجهول ..
سەفەرێک کە دڵنیام ،
ڕۆژێک دێت وەردەگەڕێ و

**مەیتی من بە منالْی دەکەویتەوە دەستی دونیا ..**
**بەر لەو ڕوداوەش ،**
**ئەی ئەو هەمووە لە منالْیم**
**بە دزیەوە لە مندا گرینۆک ..**
**لە ئاشکرایمدا وڕکاوی ..**

**ئەوە فەزلْی تۆ بوو ،**
**هەر شینایی بوو لە ئاسمان دەڕژاو**
**فوارەی دەکرد و**
**چلْکنیمی دەشۆردەوە ..**

**ئەوە فەزلْی تۆیە ،**
**سەرباری ئەوەی بەفری هەموو سالْەکان ،**
**بەسەر مێژوودا هەرەسیان هێناو**
**چیرۆکەکان کەوتنە ژێر ،**
**لافاوی توانەوەی عومرەوە ..**

**کەچی ئەو تۆپەلاْنەی تۆ**
**بۆت دروست دەکردم و**
**بە سۆعبەتەوە دەمگرتنە چارەنووسی شڕۆلْەی خۆم ،**
**هێشتا نەتواونەتەوە و**
**تا کۆتایی دونیا بە ئینتیمای ئەوسای عەشقمدا ،**
**سەر نەرمە غاری ناوم !**

.............. 2006 **هۆلْەندا**

**تێبینی:**

* قەلاْزگە : قەدپالْێکی ڕەنگین بوو لە خوار گوندی ( گەنکێ ) لە ناوچەی شارباژێر .

* بەکر : مەبەست لە (بەکرعەلی) شاعیرە کە وەک نوێنەری مالْە ئاوارەکانی کەرکوک لە خانوە بێ تاپۆکانی حامیە لە ڕێپێوانی هێمنانەی ڕۆژی ٠١-٠٩-١٩٩٤ لە سلێمانی بەگوللەی دەسەلاْت شەهید کرا، بەکر عەلی شاعیر خانوەکانی حامیەی بە کولانە سەگ دەشوبهان کە مرۆڤە ئاوارەکان لە ناچاریدا چووبونە ناوی بۆ ژیان و دەسەلاْتیش هێشتا ئەوەشی پێیان ڕەوا نەدەبینی.